# لەماوەی 15 ڕۆژدا دووقوتابی کچ خۆیان سوتاندو قوتابییەکی کوڕیش خۆی کوشت !!

## سمکۆ عەبدولکەریم

  

ماوەیەکە دیاردەی خۆسوتاندن ناوەندەکانی خوێندنی گرتۆتەوە لە 19 / 12 /4 200
ڤینۆسی تەمەن 14 ساڵان و پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەقوتابخانەی شەفەقی شاری هەولێر خۆی سوتاند 5 / 1 / 2005 هاوژین یاسین قادر تەمەن 16ساڵان پۆلی سێ ناوەندی لەخوێندنگەی مەئمون دەباغ لەگەڕەکی کوێستان لە شاری هەولێر دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی مانگانەکەی خۆی سەتاند .

ڕۆژێك دوای ئەو سەید قەهارخەلیل حوسێن کەتەمەنی 15 ساڵانەو قوتابی پۆلی دووی ناوەندی بوو لەخوێندنگەی نەبەردی کوڕان لەگەڕەکی سورچیانی شاری هەولێر دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی مانگانە لەماڵەوە بە گووللەیەك خۆی کوشت .

لەماوەی رابردوودا لەسەر خۆسوتاندنەکەی ڤینۆسمان نووسی و داوامان لەوەزارەتی پەروەردە کرد کە لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە بکات و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش بەهەموولایەك ڕابگەیەنێ ، بەڵام هیچ ناوەندێکی بەرپرس نوقەی لێوەنەهات و ڕووداوەکە بەشێوەیەکی ئاسایی تێپەڕی . کەچی رێك پازدە ڕۆژ دوای ئەم رووداوە جارێکی تر قوتابیەکی تر بەناوی هاوژین یاسین قادر ئاگری لەخۆی بەردەدات و خۆی دەسوتێنێ و سەرەنجام بەهۆی کاریگەری سوتانەکەی کە 95٪ بوو گیانی لەدەست دا .

باوکی هاوژین سەبارەت بەخۆسوەتاندنی کیژەکەی دەڵێ : کچەکەم هیچ کێشەیەکی نەبووە ، ئێمەش لەماڵەوە سەبارەت بەخوێندن هیچ فشارێکمان نەخستبوە سەری ، ئەوەی هیچ ڕۆژێکیش بەبیرماندا نەهاتوە خۆسوتاندنی هاوژین بوو ، کاتێکیش لەسەرە مەرگدا لە نەخۆشخانە گەیشتمەسەری تەنیا ئەوەندەم لێپرسی کەبۆچی خۆی سوتاندوە هاوژین تەنیا ئەوەندەی گوت مامۆستاکان بۆچی ساقیتیان کردم .

دیاربوو هاوژین جگە لەوەی ساقیتی پار بوو لە6 وانەی مانگانەش کەوتبوو .

گلەیی دایکی هاوژین لە بەڕێوەبەرو مامۆستاکان تەنیا ئەوە بوو کە گووتی ئەوان دەبوایە لەدوای منیان بناردبوایە و خۆم لەگەڵی چووبام کارتەکەم وەرگرتبوایەوە

باوکی هاوژین دەڵێ : پێ دەچێ دوای خۆسوتاندنەکەی زۆر پەشیمان بووبێتەوە و بەترسەوەش خۆی سوتاندوە ، چونکەئەو لە ئاودەستەکە نەوتی بەخۆی داکردووە ، کاتێکیش ئاگری لەخۆی بەرداوە

رایکردۆتەدەرەوە و هاواری کردوە لەشوێنی خۆسوتاندنەکەشی چەندین دەنکە شقارتە کەوتبوو کەدایگرساندبوون کوژاندبونیەوە پێدەچێ لەسەرەتادا جورئەتی نەکردبێ خۆی بسوتێنێ .

(سەید قەهار خەلیل حسێن)یش دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی مانگانەکەی کەلەشەش وانە کەوتبوو بەگوللەیەکی دەمانچە لەماڵەوە خۆی دەکوژێ بەهەمان شێوە باوکی سەید قەهاریش دەڵێ ئێمە هیچ فشارێکمان نەخستبوەسەری لەبەر ئەوەی لەشەش وانە کوتوە ، ئەو بۆئێمە هەموو شتێك بوو ژیانی خێزانەکەمان لەسەر ئەوەبوو هەرکە لەقوتابخانە دەهاتەوە کتێبەکانی فرێ دەداو دەچووە دوکان .